Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10306

# ئاستی پشتبەستنی میدیاكاران بە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی، وەك سەرچاوەی زانیاریی لەهەرێمی كوردستاندا – توێژینەوەیەكی مەیدانییە

**شەهێن كریم احمد، باقر داود حسین**

بەشی تەكنیكی میدیا، كۆلێجی تەكنیكی كارگێڕی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی، هەرێمی كوردستان عێراق

**پوختە:**

ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەرچەرخانێكی جۆریی لەبواری بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆكی میدیایی درووستكردووە بەجۆرێك سرووشتی كاری میدیایی لە بەر ڕۆشنایی گەشەی تەكنەلۆجیا و شۆڕشی میدیای دیجیتاڵی و زیادبوونی بەكارهێنەرانی مۆبایلی زیرەك گۆرانكاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

كێشەی سەرەكی توێژینەوەكە، بریتییە لە دەستنیشانكردنی ئاستی پشتبەستنی میدیاكارانی هەرێمی كوردستان بە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری لە هەرێمی كوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە پەسنییەكانە و ڕێبازی ڕووپێوكاری میدیایی تێدا بەكارهاتووە. هەرچی كۆمەڵی توێژینەوەكەیە لە ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی كوردستانن و مشتەی توێژینەوەكەش لە (183)میدیاكار لە هەردوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) پێكهاتووە كە بە شێوازی ناهەڕەمەكی مەبەستدار وەرگیراون. توێژینەوەكە بەچەندین ئەنجامی زانستیی گەیشتووە، لەوانە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بووەتە سەرچاوەی زانیاری لای میدیاكارانی هەرێمی كوردستان كە بە ئاستی جیاواز بەكاریدەهێنن و پشتی پێ دەبەستن لە چنینەوەی زانیاریەكاندا. بە شێوەیەك ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە پلەی (مامناوەند) بە ڕێژەی (50.3%) یەو بەرزترین ئاستە. هەروەها (25.7%)ی بەرتوێژان بە ئاستی (زۆر) و بە ڕێژەی (8.7%) بە ئاستی (ئێجگار زۆر) پشت بە زانیاریەكانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی دەبەست. لە لایەكی دیكەوە بەرتوێژان بە ئاستی (كەم) بە ڕێژەی (12.0%) و بە ئاستی (زۆر كەم) بە ڕێژەی (3.3%) پشت بەو زانیاریانە دەبەستن كە لە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیەوە بەدەستیان دەگات. لە گرنترین ئەو هۆكارانەی كە دەبنە پاڵنەر بۆ بەكارهێنانی زانیاریەكانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی لای بەرتوێژان بریتیە لە خێرایی لە بڵاوكردنەوەی هەواڵ و ڕووداوە گەرمەكان و پاڵنەری سەرەكیە بە ڕێژەی (84.15) هەروەها بەرزترین ڕێژەی چالاكی هاووڵاتی ڕۆژنامەوان لە (تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان) دایە وەك ناوەندێك بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و ڕووداوە هەمەجۆرەكان.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ئاست، پشتبەستن، ڕۆژنامەوانیی، ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی، میدیاكاران، سەرچاوەی زانیاری، هەرێمی كوردستان

***Corresponding Author***

**shahen.karim.a@spu.edu.iq**

**baqir.daud@spu.edu.iq**

## پێشەكی

پەرەسەندنی مافەكانی مرۆڤ و مافی ئازادی ڕادەربڕین و بەشداری كردنی هاووڵاتی لە زۆرێك لە پرسە جۆراوجۆرەكاندا هاوتەریب لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆبایلی زیرەك لەپاڵ پێشكەوتنەكانی تەكنەلۆجیا و میدیای دیجیتاڵی و تۆڕەكۆمەڵایەتیەكاندا مۆدێلێكی دیكەی ڕۆژنامەوانی خولقاند كە بە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی ناسراوە. لەگەڵ ئەوەی بووەتە گەیەنەرێكی هەواڵ و زانیارییە گەرم و هەنووكەیەكان بە هۆی تەكنەلۆجیای ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەك بە تایبەت بۆ بەكاربەرانی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان هاوكات سەرچاوەیەكی هەواڵ و زانیارییەكانە بۆ میدیاكاران و دامەزراوە میدیایەكان كە هاوكێشەی كۆمنیكەیشنی بە شێوەیەك گۆڕیوە نێرەر و وەرگر ڕۆڵەكانیان ئاڵوگۆڕ بووە، هەروەها كاریگەرییەكانی جگە لە جەماوەر لەسەر تەواوی كایەیی میدیای جێپەنجەی خۆی جێهێشتوە بە تایبەت بوونی بە سەرچاوەی زانیاریی بۆ میدیاكاران و كاریگەرییەكانی لەسەر شێوازی كاری میدیایی و

دەستڕاگەشتن بە هەواڵە دورەدەستەکان، ڕووداوە لە ناکاوەکان کە میدیاکار بوونی نیە و بەهایەکی هەواڵی گرنگیان هەیە.جگە لە کاریگەریە پیشەیی و تەکنیکیەکان و گۆڕانکاریە ناواخنیەکان کە بەسەر بابەتە میدیایەکاندا هاتووە. هەروەها هەوڵەکانی دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی، وەك جێگرەوەی میدیای باو یان، وەك مۆدێلێکی میدیایی سەربەخۆ کە لە میدیای جیهانیدا جێی خۆی گرتوە، وەك: پێگەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت لەلایەك ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بناسێندرێت و بایەخ و تایبەتمەندیەکانی بخرێتەڕوو،لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری میدیایی بناسێندرێت. بەدەر لە وروژاندنی پرسێکی نوێ لە بواری توێژینەوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە سۆنگەی میدیاکارانەوە پرسی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی تاوتوێ بکات کە دەرخستنی پێگەکەیەتی، وەك سەرچاوەی زانیاری لای میدیاکاران و ڕەنگدانەوەی لەسەر کارکردنی میدیایی لە دامەزراوەکاندا.

## باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستی پشتبەستنی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا.

### ئامانجی توێژینەوە

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ گەیشتن بەچەند ئامانجێك دەدات، دیارترینیان:**

1. زانینی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی و گەشەکردنی لە هەرێمی کوردستاندا.
2. زانینی ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی، وەك سەرچاوەی زانیاری لای میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و ئاستی پشتبەستن بە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی.
3. دیاریکردنی گرنگترین ئەو ناوەندانەی بڵاوکردنەوە کە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی تیایدا چالاکە.
4. گەیشتن بە گرنترین خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری لای میدیاکارن.

### جۆر و ڕێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە پەسنییەکانە و ڕێبازی ڕووپێوکاری میدیایی تێدا بەکارهاتووە.

### کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە

کۆمەڵی توێژینەوە بریتییە لە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، جۆری مشتەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار پیادە دەکات، کە بریتییە لە میدیاکارانی دامەزراوە میدیایەکان (بیندراو، بیستراو، خوێندراو، ئەلیکترۆنی) مشتەی توێژینەوەکەش لە (183) میدیاکار لە هەردوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) پێکهاتووە کە بە شێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراون. توێژەر بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکانی توێژینەوە، پشتی بە ئامرازی فۆرمی ڕاپێوی بەستووە.

### سنوری توێژینەوە

**سنوری شوێن**: هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**سنوری کات**: شەش مانگی دووەمی ساڵی (2022) واتە لە (2022/6/1 تا 2022/12/31) دەگرێتەوە.

**سنوری مرۆیی**: میدیاکارانی کەناڵە جۆربەجۆرەکانی (خوێنراو، بیستراو،بینراو، ئەلیکترۆنی) دەگرێتەوە.

### ڕاستیی ڕواڵەتی و جێگیریی توێژینەوە

**ڕاستیی ڕواڵەتی**: توێژەر بۆ ئامرازی توێژینەوەکە کاری لەسەر ڕاستیی ڕواڵەتی کردووە، بەشێوەیەك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی فۆرمەکە خرایە بەردەست ژمارەیەك پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندندا، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی سەرنج و تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت بە پێی هاوکێشەی (هۆڵستی) بریتیە لە: برگە ڕاستەکان/ کۆی برگەکان×100، واتە 135/156×100=86.53% کە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی درووستی ئامرازی توێژینەوەکە.

**جێگیریی**: توێژەر پشتی بە جێگیری ناوخۆیی بەستووە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (ئەلفاکرونباخ)، کە یەکێکە لە پێوەرە زانستیەکان بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگیری ئامرازی بەکارهاتوو، بەهای جیگیری دەکاتە (0.902) کە گەورەترە لە بەهای (0.65) ئەوە دەردەکەوێت کە بەهایەکی بەرزی هەیە و ئاماژەیە بۆ جیگیرییەکی باش لە پرسیارەکاندا.

### چەمکەکانی توێژینەوە

**ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی**(Citizen Journalism) بریتییە لە: پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، ڕووداو و زانیارییەکان لەڕێگەی تەکنەلۆجیای بەردەستەوە، ناوەڕۆکەنیان لە لایەن هاووڵاتیانەوە بەرهەمدەهێندرێن کە پیشەیی نین، بە پشبەستن بە تۆڕی ئینتەرنێت دەوەشێندرێن و دەبنە سەرچاوە بۆ کەناڵە میدیایەکانی دیکە.

**سەرچاوەی زانیاریی** (Information Sources) بریتییە لە: کۆی ئەو سەرچاوە جیاوازانەی کە ڕۆژنامەوان دەتوانێت زانیاریان لێ کۆبکاتەوە و بەو ئامانجەی ناوەڕۆکە میدیایەکانیان لێ بەرهەمبهێنێت.

**ڕۆژنامەوانی** (Journalism) بە مانای: پیشەی کەسێك دێت، کە هەواڵ و ڕاکۆدەکاتەوەو لە ناوەندێکی بڵاوکردنەوە بڵاویدەکاتەوە.

**میدیاکار**(Journalist)هەموو ئەوانەی بەشێوەیەکی کردارەکی پیادەی کاری ڕۆژنامەوانیی دەکەن و پیشەی سەرەکیانە، وە یان هەر کەسێکە کاری ڕۆژنامەوانیی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بکات.

**ئاست**(level)مەبەست لە: زانینی ڕێژەی چەندایەتی و چۆنایەتی (بابەتێك، شتێك)ە لەبوارێکی دیاریکراو دا.

**پشتبەستن**(Reliance) واتا: پشتبەستن یان بڕوابوون بە کەسێك یان شتێك دەگەیەنێت.

**هەرێمی کوردستانی عێراق** (Iraqi Kurdistan Regional Government)ناوچەیەکی جوگرافی سەربەخۆ و یەکەیەکی سیاسی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، لە پارێزگاکانی هەولێر،سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە پێکهاتووەو خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنسەربەخۆی خۆیەتی.

## باسی دووەم:ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی

### 1-2 چەمك و پێناسەی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی

ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی دەستەواژەیەکی دیاری نێو زانستی میدیاییە، ئەگەر چی ئەم چەمکە دەربڕینی دیکە گوزارشتی لێدەکرێت،وەك: ڕۆژنامەوانیی هاوبەشیکردن، میدیای سەرچاوە کراوە، ڕۆژنامەوانی هەمووان، ڕۆژنامەوانی شەقام، چەندین گوزارشتی دیکە.

میدیای سەرچاوە کراوە (Open - Source Media)و ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی (Citizen Journalism)ئەو دوو دەربڕینەن کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە هەرچەندە نوسەری بەریتانی (Stuart Allan)پرۆفیسۆر لە بواری میدیا و پەیوەندییەکان لە زانکۆی کاردیف پێیوایە دەستنیشانکردنی یەکەمین بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی کارێکی ئەستەمە (Allan Thorsen,2009: 17 ) وە بەهەمان شێوە (Marco Adria) نوسەر لە بواری میدیا و پەیوەندیکردن و پرۆفیسۆر لە زانکۆی (ئەلبێرتا) لە وڵاتی کەنەدا، دەڵێت: "دەستپێکی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بە نادیاری دەمێنێتەوە هەرچەندە هەندێك لە توێژەران دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەی بیست، مەبەست لە بەشداریکردنی هاووڵاتی ئاساییە کە پرۆفیشناڵ نەبێت لە کاری میدیایدا."

لە فەرهەنگی (Britanica) بەمجۆرە پێناسە بۆ ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی کراوە، ئەو ڕۆژنامەوانییەیە لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێت کە پیشەیی نین لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێبسایت و بلۆگەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زانیاریەکان بڵاودەکەنەوە (Albarado,2018)

یان "ئەو ڕۆژنامەوانیەیە کە هاووڵاتی دەبێتە دروستکەری ناوەڕۆکی پەیام، بڵاویدەکاتەوە لە پێگەی خۆی لە میدیای جۆربەجۆردا چ نوسراو یان بیندراو یان لە ڕێگای تەکنەلۆجیای بڵاوکردنەوەوە"(نور،14:2020)

لێرەوە دەکرێت، بڵێین: ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بریتیە لە (پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداو و زانیارییەکان لەڕێگەی تەکنەلۆجیای بەردەستەوە، ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی لە لایەن هاووڵاتیانەوە بەرهەمدەهێندرێن کە پیشەیی نین و بە پشبەستن بەتۆڕی ئینتەرنێت دەوەشێندرێن و دەبنە سەرچاوە بۆ کەناڵە میدیایەکانی دیکە)

### 2-2 تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی

1. **پەیرەوکردنی ماف**، هەموو هاووڵاتیەکی ئاسایی مافی گەڕان و دەستخستن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵی هەیە. ( بن حاجة،2020:650)
2. **پشتبەستن بە تەکنەلۆجیای بەردەست**، لە بەرهەمهێنانی بابەتەکاندا، وەك: مۆبایلی زیرەك و تابلێت
3. و هەروەها پشبەستن بە تۆڕی ئینتەرنێت لە بڵاوکردنەوە و وەشاندنیاندا.
4. **پیشەیینەبوون**، کارەکتەری سەرەکی ئەم چالاکییە هاووڵاتیانن کە کاری میدیای پیشەیان نییە.
5. **کارلێکاری**، تایبەتمەندی ئاوێتەبوون و کارلێکاری گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە شێوەك ئەو کارلێکارییەی لە web (01دا هەبوو زۆر جیاوازە لەوەی(web 02)دا بەدیکرا بە شێوەیەك بواری بەشداریکردنی تاك لە ناوەڕۆکەکاندا زۆر زیاتر بووە. (عماري،2012:75)
6. **پەیڕەوکردنی یاسا و ئیتیك پەیوەستە بە تاکەوە**، ڕەچاوکردنی ئیتیك و یاسای بڵاوکردنەوە پەیوەستە بە هۆشیاری ئەو تاکەی کە ناوەڕۆکەکان دادەڕێژرێنەوە، هەربۆیە بەراورد بە میدیایی کلاسیکی کە کارەکتەرەکانی پیشەیین لە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیدا بەو شێوەیە ڕەچاو ناکرێت. تێپەڕاندنی سنورەکان، نەبوونی سنووری کات و شوێن و بە جیهانی بوون.
7. **خێرایی و نزیکی**، هاووڵاتی ڕۆژنامەوان بەهۆی نزیکی لە شوێنی ڕووداوەکانەوە بە خێرایی ڕوومالّی هەواڵەکان دەکات و بڵاویدەکاتەوە.

### 3-2 بوارە ئیتیکیەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی

ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی و پەیوەندی بە ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی بابەتێکی جیاوازە، ڕۆژنامەوانیی پیشەیی هۆشیاریەکی تەواوی هەیە لەسەر ئیتیکی کارکردنی ڕۆژنامەوانیی و بڵاوکردنەوە و چەندین ڕێگەی شیاو دەگرێتەبەر بۆ سازاندنی زانیاریەکان و بڵاوکردنەوەیان بۆ جەماوەر بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە کاتێکدا کە هاووڵاتی ڕۆژنامەوان بەوشێوەیە ئەم هەنگاوانە لەبەرچاو ناگرێت. ئەم پرسە لە دوو دیدگاوە دەکرێت شرۆڤە بکرێت، ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی، وەك کۆمەڵە بنەمایەکی تایبەت بە ئیتیکی کاری میدیایی لە میدیای کلاسیکدا و لە لایەکی دیکەوە ئیتیکی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بڵاوکردنەوە لە دنیای گریمانەییدا، کە هاووڵاتی ڕۆژنامەوان هۆشداری ئەوەی پێویستە لەبەرچاویان بگرێت. (الرحية،2020:156)

بایەخی ئیتیکی کاری میدیای لە بایەخی ئازادی بیروڕا و دەربڕینەوە سەرچاوە دەگرێت چ لەسەر ئاستی تاك یان کۆ، چونکە ئازادی ڕادەربڕین و بەدەستهێنانی زانیاری مافێکی مرۆڤە(مەجید و رەمەزان، 2010: 7) هەروەها بوونی پەیمانامەی شەرەفی کارکردن هەروەك چۆن ماڵپەڕی (ئۆ مای نیوز) (oh my news) پەیڕەوی دەکات کە پێگەیەکی کۆریای باشوورە و تەواوی ناوەڕۆکەکانی لە لایەن هاووڵاتیانی ڕۆژنامەوانەوە بەرهەمدەهێندرێت بە سەرپەرشتی میدیاکارە پیشەییەکان. ئەم پێگەیە چەند پێوەرێکی بۆ پەیامنێرە هاووڵاتیەکانی داناوە کە پێویستە پێوەی پابەند بن، لەوانە: هەموو پەیامنێرێك پێویستە بە ڕووحی بنەمای سەرەکی پێگەکە کار بکات کە بریتیە لە "هەموو هاووڵاتیەك پەیامنێرە" لە گەیاندنی ڕووداو هەواڵەکاندا کار بە بنەمای ڕاستگۆی بکات، بەکارنەهێنانی زمانی زبر و نەگونجاو، نابێت هاووڵاتی پەیامنێر زیان بەناوبانگی کەسەکان بگەیەنێت، پێویستە دووربکەوێتەوە لە ناوزڕاندن، پێویستە هاووڵاتییە ڕۆژنامەوانەکان هۆکارگەلی

ڕێگەپێدراو بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و سەرچاوەی هەواڵەکان ناڕۆشن نەبن. نابێت زانیاریەکانی بە شێوەی بەرژەوەندی کەسییان لایەنێك بڵاوبکاتەوە، پێوستە کار بە بنەمای خێرای بکات لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکاندا.(حنان،2015: 57)

## باسی سێیەم: سەرچاوەی زانیاریی

### 1-3 ناساندنێك بۆ چەمکی زانیاریی

چەمکی زانیاریی لەبەرامبەر چەمکی(Information) لە زمانی ئینگلیزیدا و(المعلومات) لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێت، ڕەچەڵەکی چەمکەکە لە وشەی(Informatio) ی لاتینی وەرگیراوە و مانای ڕاڤەکردن و ڕونکردنەوەی شتێك دەگەیەنێت و لەناوەرۆکیشدا بۆ پرۆسەی گەیاندن(Communication)بەکاردەهێنرێت. چەمکی (Mass Communication)لە بەرامبەر چەمکی گەیاندنی جەماوەری بەکاردەهێندرێت "ئامانج لە پرۆسەی گەیاندنی جەماوەری بەجێگەیاندنی سێ ئەرکی گرنگە کە بریتین لە زانیاریی(Information)قایلکردن (Persuasion) کاتبەسەربردن (Entertainment) لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا (Information)بە مانای (Facts)واتا ڕاستییەکان یان (knowledge)بەواتای زانیاریی دێت. زانیاریی بریتیە لە داتای ئامادەکراو کە پاش کۆکردنەوە و لێکدانەوەیان دەتوادرێت بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش بکرێن (130:2021, UNESCO) زانیاری ئەوەیە کە بەشداری لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا دەکات زانین یان زیاد دەکات. هەربۆیە لە ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکەدا هەریەکە لە دەسەواژەکانی: (داتا، زانیاری، زانین) تێبینی دەکەین و جیاوازی نیوان هەریەکەیان پێویستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە چەمکی زانیاریی.

داتا: ئەو مادە سەرەتایانەیە کە زانیارییەکانی لێپێکدەهێندرێت زانیاریی، بریتیە لە: بەرهەمی چارەکردنی(process)داتاکان بە دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و بەراوردکاری و تێبینیکردنی ئاماژەکان هەربۆیە داتا بناغەی زانیارییە و زانیاریش گۆڕاو وابەستەیە بە داتاکانەوە، هەروەها زانین بریتیە لە ئاوێتەبوونی زانیاری و ئەزموون و تێگەشنەکان و توانای بڕیاردان لەسەری .

ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی، زانیاریی ناساندووە، بەوەی بریتیە لەو ڕاستیو بیروبۆچونانەی خەڵك لە ژیانی گشتییاندا ئاڵوگۆڕی دەکەنو ئەو ئاڵوگۆڕە لەڕێی ناوەندە جیاجیاکانی پەیوەندیکردنەوە، یاخوود لەڕێگای ناوەندو سیستمە جیاجیاکانی زانیاریی لەکۆمەڵگەکاندا، بەڕێوەدەچێت.(سلێمان،2013: 22)

### 2-3 چەمك و پێناسەی سەرچاوەی زانیاریی ڕۆژنامەوانیی

سەرچاوەی زانیاریی ڕۆژنامەوانیی لە بەرامبەر چەمکی (مصادر المعلومات الصحفية) لە زمانی عەرەبیدا و (Information Media Sources) لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت کە مەبەست لە کۆی سەرچاوە فرە جۆرەکانە کە لە بواری ڕۆژنامەوانییدا سوودیان لێوەردەگیرێت و بنەمای سەرەکی کارکردنی ڕۆژنامەوانییە.

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی زانیاریی هەیە، هەندێکیان وەك چەمکێکی زانستی ڕووت ناساندویانە و هەندێکی دیکەشیان پەیوەستیان کردوە بە زانست و بوارە فرەجۆرەکانەوە. زانیاری ڕۆژنامەوانیی، مەبەست لەو زانیاریانەیە کە کەرەستەی خاوی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانن و گوزارشت لە ڕاستییەکان دەکەن و لەڕێی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە.

ئەگەرچی لە یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کورستان / عێراق بڕگەی دووەمی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007)، ئاماژە بە مافی ڕۆژنامەوان لە بەدەستهێنانی زانیاریدا کراوە، بەڵام هیچ پێناسەیەك، یان ڕونکردنەوەیەکی لەبارەی ئەو زانیارییانە نەخستۆتەڕوو، کە مافی ڕۆژنامەوانە بەدەستیانبهێنێت، هەروەها لە پرۆژە یاسای (مافی بەدەستهێنانی زانیاریی هەرێمی کوردستان- عیراق) یشدا، پێناسەی زانیاریی نەکراوە، بەڵام لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پەرلەماندا، بڕگەیەك بۆ مادەی یەکەمی یاساکە زیادکراوەو تیایاندا، پێناسەی زانیاریی کراوە، بەوەی بریتیە لە (بەیاننامەی زارەکیی، نوسراو، تۆمارەکان، ئامارەکان، بەڵگەنامەی نوسراو، وێنەیی و تۆمارکراو، یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلیکترۆنیی، یاخود هەر ڕێگایەکی دیکە).(سلێمان،2013: 22)

سەرچاوەی زانیاری میدیایی بە چەندین شێوە پێناسە کراوە، هەموو ئەو داتا، بەڵگەنامە، ئامار، لێدوان، ڤیدیۆ و وێنانەن کە ڕۆژنامەنوسێك پێویستی پێیەتی بۆ تەواووکردن و کاملکردنی بابەتەمیدیاییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ئەوەی مادەیەکی تەواو پێشکەش بە وەرگران بکات کە پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت. ( آمينة،2016)

لەو دیدگایەوە دەکرێت بڵێن: سەرچاوەی زانیاریی، بریتیە لە: کۆی ئەو سەرچاوە جیاوازانەی کە ڕۆژنامەوان دەتوانێت زانیاریان لێکۆبکاتەوە و بەو ئامانجەی بابەتە میدیایەکانیان لێ بەرهەمبهێنێت.

## باسی چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

لەم توێژینەوە دا کە کۆمەڵی توێژینەوەکە میدیاکارانی کەناڵە جۆربەجۆرەکانن لە هەرێمی کوردستان، بریتیین لەو ی بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاریدا. کە ئامانجی زانینی ئاستی پشتبەستنی انە بە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی، بۆچوونی (183) میدیاکار لە هەردوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە سنوری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکان بە شێوازی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە. لەخوارە بەخشتە و بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئاماری پێویست ئەنجامەکان دەخەینەڕوو. خشتەی (١) زانیارییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژان ڕووندەکاتەوە کە بریتیین لە گۆڕاوەکانی: (توخم، تەمەن، پارێزگا، ئاستی خوێندەواری، ساڵانی کارکردن لە بواری ڕۆژنامەوانیی،جۆری ئەو دەزگایەی کاری تیادادەکەن) دەردەکەوێت کە توخمی (نێر) (76.5%) ی بەرتوێژان پێکدەهێنن، هەروەها(23.5%) ی بەرتوێژان لە توخم (مێ)

یە. بەرزترین ڕێژەی تەمەن بریتییە لە (30 – 40) کە دەکاتە (51.9%) ی ئەوانەی فۆڕمی ڕاپرسیەکەیان پڕکردۆتەوە، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو بەرتوێژانەی کە تەمەنیان (زیاتر لە 40 ساڵە دەکاتە (29.5%)، هەروەها نزمترین ڕێژەی تەمەن بریتییە لە (کەمتر لە 30) کە دەکاتە (18.6%). بەرتوێژان دابەشبوون بەسەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و بەرزترین ڕێژەیان لە پارێزگای (سلێمانی) یە کە (39.9%) ی بەشداربووان پێکدەهێنن. لە کاتێکدا لە پارێزگای (هەولێر) ڕێژەی (30.6%) و (22.4%) ی بەرتوێژان لە پارێزگای (دهۆک)ن، هەروەها نزمترین ڕێژەی بەرتوێژان لە پارێزگای (هەڵەبجە) یە کە دەکاتە(7.1%). لە ڕووی ئاستی خوێندەواریەوە بەرزترین ڕێژەی بەرتوێژان بڕوانامەی (بەکالوریوس) یان هەیە کە دەکاتە (47.5%) پاشان بڕوانامەی (دبلۆم) دەکاتە (27.3%) لە کاتێکدا (9.8%) ی بەرتوێژان هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ن و تەنها (1.1) ی بەرتوێژان بڕانامەی (دبلۆمی باڵا) یان هەیە. لە ڕووی ساڵانی کارکردن لە بواری ڕۆژنامەوانییدا زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان ئەزموونی کارکردنیان لە بواری ڕۆژنامەوانیدا بریتییە لە (6–10) ساڵ کە دەکاتە (26.2%) و نزمترین بریتییە لە (کەمتر لە یەک ساڵ) کە دەکاتە(44%) لەلایەکی دیکەوە بەرزترین ڕێژەی بەشداربووان کار لە کەناڵە (تەلەفیزیۆن) یەکان دا دەکەن کە دەکاتە (45.9%) لە کاتێکدا کارکردن لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بە پلەی دووەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە (26.2)، پاشان چاپکراو (ڕۆژنامەوگۆڤار) بە پلەی سێهەم دێت کە دەکاتە (15.8%) هەروەها نزمترین ڕێژەی جۆری دەزگا بریتییە لە (ڕادیۆ) کە دەکاتە (12.0%).

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت: توخمی (نێر) زیاتر کاری ڕۆژنامەوانیی دەکەن بە بەراورد بە (مێ) لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها ئەو ڕۆژنامەوانانەی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بەکاردەهێنن زۆرترینیان ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان (6–10) ساڵە و گەنجن کە دەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە توانای بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆجیەکانیان هەیەو بەرکەوتنیان لەگەڵ ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی دا وەك تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترە، هەروەها زۆرترین کەناڵی ڕاگەیاندن کە کار لەسەر هەواڵ و زانیاری دەکەن لە سنووری پارێزگای سلێمانیدان و زیاترینیان کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکانن. جگە لەوەی ئەوانەی لە کەناڵ میدیاییە کوردیەکاندا کار دەکەن زۆرترینیان ئاستی خوێندەواریان بەرزە و خاوەن بڕوانامەن بەتایبەت (بەکالۆرۆس و دبلۆم).

**خشتەی (١) زانیاریە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژان**

| گۆڕاوەکان | بڕگە | دووبارە بونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| توخم | نێر | 140 | 76.5 | یەکەم |
| | مێ | 43 | 23.5 | دووەم |
| تەمەن | کەمتر لە 30 ساڵ | 34 | 18.6 | سێیەم |
| | 30-40 ساڵ | 95 | 51.9 | یەکەم |
| | زیاتر لە 40 ساڵ | 54 | 29.5 | دووەم |
| پارێزگا | هەولێر | 56 | 30.6 | دووەم |
| | سلێمانی | 73 | 39.9 | یەکەم |
| | دهۆک | 41 | 22.4 | سێیەم |
| | هەڵەبجە | 13 | 7.1 | چوارەم |
| ئاستی خوێندەواری | بنەڕەتی | 7 | 3.8 | پێنجەم |
| | ئامادەیی | 19 | 10.4 | سێیەم |
| | دبلۆم | 50 | 27.3 | دووەم |
| | بەکالوریوس | 87 | 47.5 | یەکەم |
| | دبلۆمی باڵا | 2 | 1.1 | شەشەم |
| | ماستەر | 18 | 9.8 | چوارەم |
| | دکتورا | 0 | 0.0 | حەوتەم |
| ساڵانی کارکردن لە بواری ڕۆژنامەوانیی | کەمتر لە یەک ساڵ | 8 | 4.4 | حەوتەم |
| | 1 – 5 ساڵ | 25 | 13.7 | چوارەم |
| | 6 – 10 ساڵ | 48 | 26.2 | یەکەم |
| | 11 – 15 ساڵ | 43 | 23.5 | دووەم |
| | | | | |
| | 16 – 20 ساڵ | 28 | 15.3 | سێیەم |
| | 21 – 25 ساڵ | 20 | 10.9 | پێنجەم |
| | زیاتر لە 25ساڵ | 11 | 6.0 | شەشەم |
| جۆری ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەیت | چاپکراو (ڕۆژنامە و گۆڤار) | 29 | 15.8 | سێیەم |
| | ڕادیۆ | 22 | 12.0 | چوارەم |
| | تەلەفیزیۆن | 84 | 45.9 | یەکەم |
| | ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی | 48 | 26.2 | دووەم |
| کۆیگشتی | | 183 | 100 | |

ئەنجامەکانی خشتەی (2) ڕوونیدەکاتەوە: یەکەمین هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی بریتییە لە ئاسانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و بەردەستبوونی مۆبایلی زیرەك(سمارتفۆن) لای هەموو هاووڵاتییەك کە دەکاتە (17.05%)، هەروەها گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زۆربوونی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵمیدیا بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (16.07%). بە دیجیتاڵیبوون و زیادبوونی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە هۆکاری سێهەم دەزانن بە ڕێژەی(15.25%) بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، لە کاتێکدا لە دیدگای بەرتوێژانەوە لاوازترین هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵأتی بریتییە لە دەستنەکەوتنی زانیاریی پێویست بەهۆی زۆری فلتەر و بڵاونەکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان لە میدیا کلاسیکیەکاندا بە ڕێژەی (6.72%).

سەرەنجام ئەوە ڕووندەبێتەوە: هەریەك لەم هۆکارانە بە ڕێژەی خۆیان کاریگەریان هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بەڵام گەشەی تەکنەلۆجیاکانی مۆبایلی زیرەك و ئینتەرنێت، هەروەها زۆربوونی بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەك بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی و بەردەستبوونی لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتین وە بوونی ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی گونجاو، وەك سۆشیاڵمیدیا بایەخێکی گەورەی هەبووە لە سەرهەڵدان و گەشەی ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی (2) هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی**

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بە دیجیتاڵی بوون و زیادبوونی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت | 93 | 15.25 | سێیەم |
| پێڕانەگەشتنی میدیای کلاسیک بە ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان | 41 | 6.72 | هەشتەم |
| گەشەی دیموکراسی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکەس بەرامبەر بە مافەکانی | 46 | 7.54 | حەوتەم |
| دەستنەکەوتنی زانیاری پێویست بەهۆی زۆری فلتەر و بڵاونەکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان لە میدیا کلاسیکیەکاندا | 37 | 6.07 | نۆیەم |
| زیادبوونی ڕووداوە جۆربەجۆرەکان، وەک خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتیەکانی شەقام و گۆڕانکارییە سیاسییەکان | 59 | 9.67 | شەشەم |
| نەمانی سنورەکانی بڵاوکردنەوە و دروستبوونی ڕایگشتی لەسەر پرسە جیهانیەکان | 61 | 10.00 | پێنجەم |
| خواستی هاووڵاتیان بۆ بەشدارییان لە پرۆسەی میدیایدا | 71 | 11.64 | چوارەم |
| ئاسانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و بەردەستبوونی مۆبایلی زیرەک لای هەموو هاووڵاتیەک | 104 | 17.05 | یەکەم |
| گەشەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و زۆربوونی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵمیدیا | 98 | 16.07 | دووەم |
| **کۆیگشتی** | **610** | **100.0** | |

خشتەی (3) ڕوونی دەکاتەوە لە ڕوانگەی بەرتوێژانەوە هاووڵاتی ڕۆژنامەوان بە بڵاوکردنەوە و ناردنی زانیاریەکان لە ناوەندە جیاوازەکانی بڵاوکردنەوەدا زۆرترین چالاکیان بە پلەی یەکەم لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندایە بەڕێژەی (29.92%)، بە پلەی دووەم لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەڕێژەی (23.55%)، بەپلەی سێیەم و بەڕێژەی (22.78%) لە (تەلەڤیزیۆن)، بە پلەی چوارەم چالاکیان لە (بلۆگ)ەکان (9.46%)ە ،هەروەها (8.69%)یان لە پلەی پێنجەم لە (ڕادیۆ) و پلەی شەشەم و کۆتاییشیان بەڕێژەی (5.60) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

بەپێی ئەنجامەکان: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گونجاوترین ناوەندی بڵاوکردنەوەیە بۆ هاووڵاتیی ڕۆژنامەوان، کە بۆ تایبەتمەندی و خزمەتگوزاریی و بەرفراوانی پانتایی بەکارهێنانی ئەو تۆڕانە لەناو کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە . وە تایبەتمەندیەکانی ئەو ناوەندانە کاریگەریان لەسەر ڕاکێشانی هاووڵاتیانی ڕۆژنامەوان هەیە وەك تەلەڤیزیۆن کە ناوەندێکی گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیان، چاپکراوەکان و ڕادیۆ کە ناوەندێکی گونجاونین بۆ چالاکیەکانی هاووڵاتی ڕۆژنامەوان، هەرچەندە بلۆگەکان شێوەیەکی گرنگی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتین، بەڵام بەهۆی کەمی بەکارهێنان و بەربڵاونەبوونیان لە هەرێمی کوردستان نەبوونەتە ناوەندێکی گونجاوی هاووڵاتیانی ڕۆژنامەوان.

**خشتەی (3) ئاستی چالاکی هاووڵاتی ڕۆژنامەوان لە ناوەندە جیاوازەکانی بڵاوکردنەوەدا**

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەلەڤیزیۆن | 118 | 22.78 | سێیەم |
| ڕادیۆ | 45 | 8.69 | پێنجەم |
| ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپکراو | 29 | 5.60 | شەشەم |
| ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی | 122 | 23.55 | دووەم |
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | 155 | 29.92 | یەکەم |
| بلۆگەکان | 49 | 9.46 | چوارەم |
| **کۆیگشتی** | **518** | **100** | |

خشتەی (٤) ڕوونی دەکاتەوە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بەکاردەهێنن، وەك سەرچاوەی زانیارییان بەئاستی جیاواز. بە شێوەیەك ڕێژەی وەڵام دانەوەی (مامناوەند) بە ڕێژەی (41.5%) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بە ڕێژەی (29.5%) و ڕێژەی وەڵامدانەوەی ئێجگار زۆر(13.1%) بە شێوەیەك ئەم سێ ئاستە کە دەربڕی وەڵامی (بەڵێ) ن بۆ بەکارهێنان ناوەندەکەیان بریتییە لە (84.15%) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (کەم) دەکاتە (13.7)، هەروەها(زۆرکەم) دەکاتە (2.2). بەپێی ئەنجامەکان ناوەندە ژمێرەیی دەکاتە (3.38) بە گوێرەی (پێوانەی پێنجی) ئەنجامی دەکاتە (مامناوەند)، هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە (67.6%).

سەرەنجام ئەوە ڕووندەبێتەوە: ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بووەتە سەرچاوەی زانیاری لای زۆرینەی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان بە ئاستی جیاواز کە بریتین لە(ئێجگار زۆر، زۆر، مامناوەند) و بەکاردەهێنن بۆ دەستکەوتنی زانیارییە پێویستەکان لە دروستکردنی بابەتی میدیایی دا ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە میدیاکاران بە بایەخەوە لە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی دەڕوانن. زانیاریەکانیان بە هەند وەردەگرن و بەکاریان دەهێنن لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکە میدیاییەکاندا.

**خشتەی (4) ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری میدیای**

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر کەم | 4 | 2.2 | پێنجەم |
| کەم | 25 | 13.7 | سێیەم |
| مامناوەند | 76 | 41.5 | یەکەم |
| زۆر | 54 | 29.5 | دووەم |
| ئێجگار زۆر | 24 | 13.1 | چوارەم |
| **کۆیگشتی** | **183** | **100.0** | |
| ناوەندە ژمێرەیی (Mean) | 3.38 | ئەنجام | مامناوەند |
| لادانی پێوانەیی (Std. Deviation) | 0.95 | گرنگی ڕێژەیی % | 67.6% |

خشتەی (5) ڕوونی دەکاتەوە ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە پاڵنەر بۆ بەکارهێنانی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی لای بەرتوێژان، بە پلەی یەکەم و بە ئاستی زۆر بریتیە لە (خێرایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوە گەرمەکان) پاڵنەری سەرەکیە بە ڕێژەی (84.15) لای ئەو میدیاکارانەی بەشداری ڕاپرسیەکەیان کردووە. ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان بە شێوەی(ڤیدیۆ و فۆتۆ و دەنگ) کە دەبێتە هۆی بەڵگە لەسەر ڕاستی زانیاریەکان بە پلەی زۆر بە پاڵنەری دووەم دێت بە ڕێژەی(83.24) وە بە پلەی سێیەم و بەڕێژەی بڵاوکردنەوە و ناردنی هەواڵ و زانیارییەکان لە لایەن هاووڵاتی دیکەوە کە لەشوێنی ڕووداوەکە بوونیان هەبووە پاڵنەرە بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی (76.32) هەروەها بۆ دەستەبەری پێشدەستی ڕۆژنامەوانی(السبق الصحفي) بە پاڵنەری چوارەم دێت لای میدیاکاران بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی وەڵامدانەوەی (مامناوەند) بە ڕێژەی (42.87%) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بەڕێژەی (39.16%) ڕێژەی وەڵامدانەوەی (کەم) بە ڕێژەی (17.97%) لە کاتێکدا ناوەندە

ژمێرەیی دەکاتە (2.21) ئەنجامی دەکاتە (مامناوەند) هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە(73.73).

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت زۆرینەی ئەم هۆکارانە بایەخدارن و بە پلەی مامناوەند کاریگەریگەریان لەسەر میدیاکارانی هەرێمی کوردستان هەیە، بەهێزترین پاڵنەری بەکارهێنانی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی بریتیە لە (خێرایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوە گەرمەکان) بەهۆی بوونی هاووڵاتی ڕۆژنامەوان لە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان و بەردەستبوونی مۆبایلی زیرەك بە دەستی هەموو هاووڵاتیەکەوە دەتوانن بەزوویی تۆماری بکەن بە شێوەی(ڤیدیۆ و فۆتۆ و دەنگ) کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستی و دروستی زانیاریەکان و بڵاویبکەنەوە یان بینرن بۆ ناوەندە میدیاییە کلاسیکیەکان. بەو شێوەیە هۆکارەکانی دیکە پاڵنەرن بۆ بەکارهێنانی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، بڕوانە خشتەی (6)

**خشتەی (5) ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە پاڵنەر بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی**

| برگە | کەم | مامناوەند | زۆر | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | ژ. | ژ. | Mean | S.D | RI | Results |
| | % | % | % | | | | |
| ڕاستیی و دروستیی زانیارییەکان | 37 | 76 | 70 | 2.18 | 0.75 | 72.68 | مامناوەند |
| | 20.22 | 41.53 | 38.25 | | | | |
| خێرایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوە گەرمەکان | 12 | 63 | 108 | 2.52 | 0.62 | 84.15 | زۆر |
| | 6.56 | 34.43 | 59.02 | | | | |
| تۆمارکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان بە شێوەی ڤیدیۆ، فۆتۆ و دەنگ کە دەبێتە هۆی بەڵگە لەسەر ڕاستیی زانیارییەکان | 16 | 60 | 107 | 2.50 | 0.65 | 83.24 | زۆر |
| | 8.74 | 32.79 | 58.47 | | | | |
| بڵاوکردنەوە و ناردنی هەواڵ و زانیارییەکان لە لایەن هاووڵاتی دیکەوە کە لەشوێنی ڕووداوەکە بوونیان هەبووە | 22 | 86 | 75 | 2.29 | 0.67 | 76.32 | مامناوەند |
| | 12.02 | 46.99 | 40.98 | | | | |
| نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی دیکە جگە لە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی | 51 | 72 | 60 | 2.05 | 0.78 | 68.31 | مامناوەند |
| | 27.87 | 39.34 | 32.79 | | | | |
| پراکتیزەی دیموکراسیی و پیشاندانی ڕا جیاوازەکانی خەڵک | 43 | 83 | 57 | 2.08 | 0.74 | 69.22 | مامناوەند |
| | 23.50 | 45.36 | 31.15 | | | | |
| بۆ دەستەبەری پێشدەستی ڕۆژنامەوانی(السبق الصحفی) بۆ میدیاکەت | 22 | 96 | 65 | 2.23 | 0.65 | 74.50 | مامناوەند |
| | 12.02 | 52.46 | 35.52 | | | | |
| جۆرێکی جیاوازە لە جۆرەکانی دیکەی سەرچاوەی زانیاریی میدیایی | 45 | 92 | 46 | 2.01 | 0.71 | 66.85 | مامناوەند |
| | 24.59 | 50.27 | 25.14 | | | | |
| بەهێزی لە خستنەڕووی بابەتەکان و زۆری کاریگەریی لەسەر جەماوەر | 48 | 78 | 57 | 2.05 | 0.76 | 68.31 | مامناوەند |
| | 26.23 | 42.62 | 31.15 | | | | |
| **کۆیگشتی** | **296** | **706** | **645** | **2.21** | **0.70** | **73.73** | مامناوەند |
| | **17.97** | **42.87** | **39.16** | | | | |

خشتەی (6) ڕوونی دەکاتەوە زۆرینەی بەرتوێژان پشت بە زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی دەبەستن کە ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە پلەی (مامناوەند) بە ڕێژەی (50.3%) و بەرزترین ئاستە هەروەها (25.7%)ی بەرتوێژان بە ئاستی (زۆر) و بە ڕێژەی (8.7%) بە ئاستی (ئێجگار زۆر) پشت بە زانیارییەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی دەبەست بە شێوەیەك ئەم سێ ئاستە کە دەربڕی وەڵامی (بەڵێ) ن بۆ بەکارهێنان ناوەندەکەیان بریتییە لە (84.7%) لە لایەکی دیکەوە نزمترین ڕێژەی بەرتوێژان بە ئاستی (کەم) و (زۆر کەم) پشت بەو زانیاریانە دەبەستن، وەك سەرچاوەی زانیارییان کە دەکاتە ڕێژەی (12.0%) هەروەها (3.3%) لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی دەکاتە (3.25) بە گوێرەی (پێوانەی پێنجی) ئەنجامەکەی دەکاتە (مامناوەند) هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە (65%).

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت: زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی جیاواز کە بریتین لە (ئێجگار زۆر، زۆر، مامناوەند) پشت بە زانیارییەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی دەبەستن بۆ دەستخستنی زانیاریە میدیاییەکانیان ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی بووەتە جێی متمانە لای میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و دەتوانن پشتی پێببەست وەك سەرچاوەیەکی زانیاریی.

**خشتەی (6) ئاستی پشتبەستن بە زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی وەك سەرچاوەی زانیاری**

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر کەم | 6 | 3.3 | پێنجەم |
| کەم | 22 | 12.0 | سێیەم |
| مامناوەند | 92 | 50.3 | یەکەم |
| زۆر | 47 | 25.7 | دووەم |
| ئێجگار زۆر | 16 | 8.7 | چوارەم |
| **کۆیگشتی** | **183** | **100.0** | |
| ناوەندە ژمارەیی (Mean) | 3.25 | ئەنجام (Result) | مامناوەند |
| لادانی پێوانەیی (S.D) | 0.89 | گرنگی ڕێژەیی (RI) | %65 |

خشتەی (7) ڕوونی دەکاتەوە باوترین گرفتەکانی بەکارهێنانی زانیاریەکانیی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی لای میدیاکاران بریتیە لە نزمی کوالێتی و خراپی ناوەرۆکی زانیارییەکان کە گرنگی ڕێژەییەکەی بریتیە لە (80.69) وە بە ڕای بەرتوێژان پابەندنەبوون بە بنەماکانی ئاکاری پیشەی ڕۆژنامەوانیی (ووردی و بابەتیبوون و هتد) دووەمین گرفتی زانیاریەکانیی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتییە بە ڕێژەی (77.60) و پاشان پابەندنەبوون بە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی بە پلەی سێیەم و بە ڕێژەی(75.59) لە گرنترین گرفتەکانی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتین کاتێك میدیاکاران، وەك سەرچاوەی زانیاری بەکاریدەهێنن. بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی وەڵامدانەوەی (مامناوەند) بە ڕێژەی (34.54%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بە ڕێژەی (34.86%) ڕێژەی وەڵامدانەوەی (کەم) بە ڕێژەی (30.60%) لە کاتێکدا ناوەندە ژمارەیی دەکاتە (2.04) ئەنجامی دەکاتە (مامناوەند)، هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە (68.09%)

دەگەینە ئەو ئەنجامەی: هەریەك لەم هۆکارانە گرفتی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتییە لای میدیاکاران بە پلەی مامناوەند، بەهۆی تۆمارکردنی زانیاریەکان بە مۆبایلی زیرەك نەك کامێراو ئامێری ڕۆژنامەوانی، لە لایەکی دیکە کەمی شارەزایی هونەریی لای هاووڵاتیان، نزمی کوالێتی و خراپی ناوەڕۆك سەرەکیترین گرفتە. دواتر پیشەیی نەبوونی هاووڵاتیانی ڕۆژنامەوان و شارەزا نەبوونیان لە بنەماکانی ئاکار و ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی بووەتە گرفتی ئەو زانیاریانەی کە سەرچاوەکەیان ڕۆژنامەوانی هاووڵاتیە، بەو شێوەیە هۆکارەکانی

دیکە بوونەتە گرفتی ئەو زانیارییانە لەلای میدیاکارانی هەرێمی کوردستان. بڕوانە خشتەی (7)

**خشتەی (7) باوترین گرفتەکانی بەکارهێنانی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی لای میدیاکاران**

| برگە | کەم | مامناوەند | زۆر | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | ژ. | ژ. | | | | |
| | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| نزمی کوالیتی و خراپی ناوەڕۆک | 21 | 64 | 98 | 2.42 | 0.69 | 80.69 | زۆر |
| | 11.48 | 34.97 | 53.55 | | | | |
| پابەندنەبوون بە بنەماکانی ئاکاری پیشەی ڕۆژنامەوانیی(ووردی و بابەتیبوون و هتد(.. | 26 | 71 | 86 | 2.33 | 0.71 | 77.60 | مامناوەند |
| | 14.21 | 38.80 | 46.99 | | | | |
| پابەندنەبوون بە یاسای بڵاوکردنەوە | 45 | 58 | 80 | 2.19 | 0.81 | 73.04 | مامناوەند |
| | 24.59 | 31.69 | 43.72 | | | | |
| پابەندنەبوون بە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی | 36 | 62 | 85 | 2.27 | 0.77 | 75.59 | مامناوەند |
| | 19.67 | 33.88 | 46.45 | | | | |
| بەکارهێنانی زمانی نەگونجاو بۆ بڵاوکردنەوە | 63 | 69 | 51 | 1.93 | 0.79 | 64.48 | مامناوەند |
| | 34.43 | 37.70 | 27.87 | | | | |
| نادیاریی سەرچاوەی زانیاریەکە | 61 | 63 | 59 | 1.99 | 0.81 | 66.30 | مامناوەند |
| | 33.33 | 34.43 | 32.24 | | | | |
| بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بۆ مەبەستی دیکەو پەرەپێدانی دەنگۆی ناڕاست | 55 | 75 | 53 | 1.99 | 0.77 | 66.30 | مامناوەند |
| | 30.05 | 40.98 | 28.96 | | | | |
| نەبوونی فلتەر پێش بڵاوکردنەوە | 50 | 70 | 63 | 2.07 | 0.78 | 69.03 | مامناوەند |
| | 27.32 | 38.25 | 34.43 | | | | |
| بەزاندنی بەهاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان | 83 | 56 | 44 | 1.79 | 0.81 | 59.56 | مامناوەند |
| | 45.36 | 30.60 | 24.04 | | | | |
| هی دیکە | 120 | 44 | 19 | 1.45 | 0.68 | 48.27 | کەم |
| | 65.57 | 24.04 | 10.38 | | | | |
| **کۆی گشتی** | **560** | **632** | **638** | **2.04** | **0.76** | **68.09** | مامناوەند |
| | **30.60** | **34.54** | **34.86** | | | | |

خشتەی (8) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی بە بەکارهێنانی تاقکردنەوەی کایی--Chi) Square)دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (تەمەن و ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی، چونکە ئاستی بەڵگەداری (P-value)دەکاتە (0.045) کە بەهاکەی بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت: زۆرینەی ئەو میدیاکارانەی کە ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بەکاردەهێنن، وەك سەرچاوەی زانیارییان لە دەستەی تەمەنی(30 بۆ 40)ساڵدایە کە زۆرترین دەستەی بەرتوێژانن، بەوەش دەردەکەوێت تەمەن کاریگەری هەیە لەسەر بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی وەك سەرچاوەی زانیاریی لای میدیاکارانی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی (8) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری میدیایی**

| برگە | کەمتر لە 30 | | 30 – 40 | | زیاتر لە 40 | | کۆی گشتی | تاقیکردنەوەی کایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | Chi—Square |
| زۆر کەم | 2 | 1.1 | 2 | 1.1 | 0 | 0.0 | 4 | 15.804 |
| کەم | 5 | 2.7 | 11 | 6.0 | 9 | 4.9 | 25 | |
| مامناوەند | 10 | 5.5 | 35 | 19.1 | 31 | 16.9 | 76 | ئاستی بەڵگەداری |
| زۆر | 10 | 5.5 | 35 | 19.1 | 9 | 4.9 | 54 | P-value |
| ئێجگار زۆر | 7 | 3.8 | 12 | 6.6 | 5 | 2.7 | 24 | 0.045 |
| **کۆی گشتی** | **34** | **18.6** | **95** | **51.9** | **54** | **29.5** | **183** | |

خشتەی (9) ڕوونی دەکاتەوە بە بەکارهێنانی تاقکردنەوەی کایی دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (ئاستی پشتبەستن بە زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری و ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی وەك، سەرچاوەی زانیاری، چونکە ئاستی بەڵگەداریی-P) value)دەکاتە (0.000) کە بەهاکەی بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

لەئەنجامدا دەردەکەوێت: بەرتوێژان بە ئاستێکی بەرز ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بەکاردەهێنن لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان و هەروەها پشتیپێدەبەستن، وەك سەرچاوەیەکی گرنگ لە بەدەستخستنی زانیارییە پێویستەکان لە کاری میدیاییدا، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی بەکاردەهێنن هەمانکات متمانە بەو زانیاریانە دەکەن و جێگەی پشتپێبەستنیانە بۆ ڕوومالّی هەواڵ و ڕووداوەکان، هەروەها دروستکردنی ناوەڕۆکە هەمەجۆرەکان.

**خشتەی (9) پەیوەندی نێوان ئاستی پشتبەستن بە زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری و ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەك سەرچاوەی زانیاری**

| ئاستی پشتبەستن بە زانیاریەکانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەک سەرچاوەی زانیاری | ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی، وەک سەرچاوەی زانیاری میدیایت: زۆر کەم | | کەم | | مامناوەند | | زۆر | | ئێجگار زۆر | | تاقیکردنەوەی کایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | Chi-square |
| زۆر کەم | 0 | 0.00 | 3 | 1.64 | 3 | 1.64 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 45.663 |
| کەم | 1 | 0.55 | 7 | 3.83 | 9 | 4.92 | 3 | 1.64 | 2 | 1.09 | |
| مامناوەند | 3 | 1.64 | 10 | 5.46 | 44 | 24.04 | 28 | 15.30 | 7 | 3.83 | ئاستی بەڵگەداری |
| زۆر | 0 | 0.00 | 5 | 2.73 | 18 | 9.84 | 17 | 9.29 | 7 | 3.83 | P-value |
| ئێجگار زۆر | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 2 | 1.09 | 6 | 3.28 | 8 | 4.37 | 0.000 |
| کۆی گشتی | 4 | 2.19 | 25 | 13.6 | 76 | 41.53 | 54 | 29.51 | 24 | 13.11 | |

## ئەنجام:

1. یەکەمین هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی لای میدیاکارانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە: ئاسانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و بەردەستبوونی مۆبایلی زیرەك(سمارتفۆن) لای هەموو هاووڵاتیەك کە دەکاتە (17.05%)، هەروەها گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زۆربوونی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵمیدیا بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (16.07%) بە دیجیتاڵیبوون و زیادبوونی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە ڕێژەی(15.25%) بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی، لاوازترین هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بریتییە لە دەستنەکەوتنی زانیاریی پێویست بەهۆی زۆری فلتەر و بڵاونەکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان لە میدیا کلاسیکیەکاندا بە ڕێژەی (6.72%).
2. ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی بووەتە سەرچاوەی زانیاری لای زۆرینەی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان بە ئاستی جیاواز کە بریتین لە(ئێجگار زۆر، زۆر، مامناوەند) و بەکاردەهێنن بۆ دەستکەوتنی زانیارییە پێویستەکان لە دروستکردنی بابەتی میدیایی دا بە شێوەیەك ئەم سێ ئاستە کە دەربڕی وەڵامی (بەڵێ) ن بۆ بەکارهێنان ناوەندەکەیان بریتییە لە (84.15%) و هەروەها میدیایەکاران پشت بە زانیارییەکانی

رۆژنامەوانیی هاووڵاتی دەبەستن بۆ دەستخستنی زانیاریە میدیایەکانیان بە ئاستێکی بەرز و پلەی جیاواز کە بریتین لە (ئێجگار زۆر، زۆر، مامناوەند) بە شێوەیەك ئەم سێ ئاستە کە دەربڕی وەڵامی (بەڵێ) ن بۆ بەکارهێنان ناوەندەکەیان بریتییە لە (84.7%).

3. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گونجاوترین ناوەندی بڵاوکردنەوەیە بۆ هاووڵاتیی رۆژنامەوان و زۆرترین چالاکیان بە پلەی یەکەم لەو ناوەندەدایە بەرێژەی (29.92%)، بە پلەی دووەم لە (ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەرێژەی (23.55%)، بەپلەی سێیەم و بەرێژەی (22.78%) لە (تەلەڤیزیۆن)، بە پلەی چوارەم چالاکیان لە (بلۆگ)ەکان (9.46%)ە ،هەروەها (8.69%)یان لە پلەی پێنجەم لە (ڕادیۆ) و پلەی شەشەم و کۆتاییشیان بەرێژەی (5.60) لە رۆژنامە و گۆڤارەکان.

4. رۆژنامەوانی هاووڵاتی، لەرووی گواستنەوەی زانیاریی و پەیامەکانەوە خێراترە. ئەمەش، وەك یەکەمین هۆکار دێت کە پاڵنەرە بۆ بەکارهێنانی زانیاریەکانی رۆژنامەوانیی هاووڵاتی، بە رێژەی (84.15) لە لایەکی دیکەوە باوترین گرفتی رۆژنامەوانیی هاووڵاتی بریتییە لە: نزمی کواڵیتی و خراپی ناوەرۆکی ئەو زانیاریانەی کە دەگاتە دەستی میدیاکاران لە لایەکی دیکەوە بە رێژەی (80.69) وە بە رای بەرتوێژان پابەندنەبوون بە بنەماکانی ئاکاری پیشەی رۆژنامەوانیی (ووردی و بابەتیبوون و هتد) دووەمین گرفتی زانیاریەکانی رۆژنامەوانیی هاووڵاتییە بە رێژەی (77.60) و پاشان پابەندنەبوون بە ئیتیکی پیشەی رۆژنامەوانیی بە پلەی سێیەم و بە رێژەی(75.59) لە گرنترین گرفتەکانی زانیاریەکانی رۆژنامەوانی هاووڵاتین کاتێك میدیاکاران، وەك سەرچاوەی زانیاری بەکاریدەهێنن.

**راسپاردەکان:**

1- توێژەر، میدیاکارانی هەرێمی کوردستان رادەسپێرێت، بە دروستکردنی پێگەی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە رۆژنامەوانیی هاووڵاتی، کە هاوڵاتیان وەك جێگرەوەی پەیامنێران هەواڵ و بابەتەکان بنێرن بۆ ئەو پێگانە و میدیاکارانیش دوای بژاری بابەتە میدیایەکان بڵاویان بکەنەوە بەو شێوەیە گرفتەکانی لادانە ئیتیکی و پیشەیەکانیش کەمدەکرێنەوە و جەماوەریش لە دەوری پەیامەکانیان کۆدەکەنەوە

2- دەزگا میدیایەکان بە چەندین شێوەو برگەی میدیایی سوود لە رۆژنامەوانیی هاووڵاتی وەربگرن و پێگەی دامەزراوە میدیایەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا بەهێزتر بکەن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین پەیامی رۆژنامەوانیی هاووڵاتی چونکە کاریگەریەکانی لەسەر جەماوەر و رای گشتی خێراو کارا بەدیاردەکەوێت.

3- پەیامنێر و میدیاکاران گرنگی بە بواری رۆژنامەوانیی هاووڵاتی بدەن، وەکوو سەرچاوەی زانیاری و بنە کۆکەرەوەی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لە لەوانەوە بڵاو دەکرێنەوە کە هۆکارێکن بۆ گەڕاندنەوەی تێچووی کات و تواناو تێچوون، کارئاسانی کردن بۆ دەستڕاگەشتن بە زانیاریی.

**پێشنیازەکان:**

1- توێژینەوەی دیکەی زانستیی ئەنجام بدرێت لەبارەی پێگەی رۆژنامەوانیی هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستاندا، وەك مۆدێلێکی میدیایی.

2- بابەتی رۆژنامەوانیی هاووڵاتی، وەکوو وانەیەکی سەربەخۆ لە بەشە زانستیەکانی راگەیاندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بخوێنرێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


1. Sonny, Albarado, **citizen-journalists**, www. Britannica, com/story/citizen-journalists, the article was published (Nov 21, 2018)
2. سلێمان، کامیل عومەر (2013) **ماف بەدەستهێنانی زانیاریی بۆرۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستاندا**،زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان،راگەیاندن
3. امین، وادفل(2016) **حق الوصول الى مصادر المعلومات وأثره على الممارسة الإعلامية في الجزائر** - دراسة استطلاعية على عينة من الصحفيين الجزائريين- جامعة محمد بوضياف-المسيلة- كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية قسم علوم الإعلام والاتصال.
4. حنان، بوعزيز(2015) **دور مواقع التواصل الاجتماعي في تفعيل صحافة المواطن**، دراسه ميدانية لعينه بجامعة أم البواقي الفيسبوك- أنموذجا، رسالة ماجستير غير منشوره، كليه العلوم الاجتماعية والإنسانية قسم العلوم الإنسانية.
5. عماري، فاطمة الزهراو(2012) **استخدام القنوات التلفزيونية الإخبارية لتفاعلية شبكات التواصل الاجتماعي:** حالة "الفيسبوك " دراسه مسحية لعينة من صفحات "الفيسبوك" لقناتي "بي بي سي و فرانس 24. دراسه ماجستيرغير منشورة، جامعة الجزائر 3، كليه العلوم السياسيه والإعلام، قسم علوم الإعلام والاتصال.
6. بن حاجة، أحمد (2020)، **صحافة المواطن بين المهنية و حرية الرأي و التعبير**، مجلة صوت القانون، المجلد السابع، العدد01
7. علاونة، حاتم سليم (2017) **صحافة المواطن كمصدر للمعلومات من وجهة نظر الصحفيين** الأردنيين دراسة مسحية، المجله الأردنية للعلوم الاجتماعية،المجلد10، العدد2
8. اللوح، محمود يوسف أحمد (2018)، **اعتماد الصحفيين الفلسطينيين على صحافة المواطن كمصدر للمعلومات و انعكاسها على أدائهم المهني**
9. رەسوڵ، هێرش (2009) **ئازادی رادەربڕین لە رۆژنامەنوسی کوردیدا،** سلێمانی، لە کتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی چاودێر.
10. مەجید، هێمن، رەمەزان، عمر احمد وەرگێڕانی بەرزنجی، یاسین قادر (2010) **ئیتیکی کاری راگەیاندن و حەتمیەتی تەکنەلۆجیا**،سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
11. حلاوه، تالا (2015)، **صحافه المواطن و تأثرها على مصادر وسائل الاعلام المحلية**، مركز تطوير الأعلام، جامعة بيرزيت.
12. الرحية،خديجة (2020)، **صحافه المواطن**، الجامعه الافتراظيه السورية
13. نور،عزيزه محمد(2020)، **استخدام الهاتف املحمول يف إثراء محتوى الأعلام** ، معهد الجزيره لإعلام برنامج زماله الجزيره.
14. Thorsen, Einar& Allan, Stuart (2009), **Citizen Journalism: Global Perspectives**, International Academic Publishers.
15. UNESCO (2021), **Media and Information Literacy Curriculum for Educators and Learners: Think critically**, click wisely! Publisher, UNESCO Publishing.